# هەنا ئارینت
# دڵێکی نێو تاریکاییەکانە

و.لەفەرەنسییەوە: جەلال حەمید

هەنا ئارینت کە ماوەی سی ساڵە ناوی وونەو کتێبەکانی لەسەراپای جیهاندا شرۆڤە دەکریٚ پێگەیەکی دیار لەبواری فەلسەفەی سەدەی بیست داگیر دەکات. ئەو رووە یاساییەی کە بڵاوکردنەوەی دوواپین کتێبی لەژێر ناونیشانی –بەرپرسیارییەتی و حوکمی جەختکراو– بەرامبەر بەنازیسم و ستالینیزم بەدەستی ئەهێنیٚ لەرووی دەرکەوتنی زووینەیەوە سەرکێشکارەو سەبارەت بەفەرەنساو سیاسەتی جوولەکە کارەکە دووچاری لێکدژی و پارادۆکسی دەکات. هەناء ئارینت هەرگیز بەهۆی گرتنەبەری نووسینە تەماوییەکەیەوە لەمەدام لۆرێنت دوورناکەوێتەوە گەرچی ئارەزووی حوکم داسەپاندنی تیادایە بۆ سەر ئامانجی ئازادی جۆرە مۆرالیزمێکی هاوچەرخ. ئایا دەتوانین ببینە کەسێکی دانەسەپێن بەسەر هەنا ئارینت؟ هەوڵیاندا گومانی پێبکەن و بەزۆریش لەفەرەنسا وەك نەریتێك ستایشی کارە شارراوەکانی بکەن و رەخنە لەکارە زیندووەکانی بگرن. چونکە لەو ساوە ئارینتێکی پارادۆکسی سەری هەڵدا: ئەم بەرابەرکێکارە بەدرێژایی ژیان بەئارەزوویەکی لەرادەبەدەر شەرە قسەو مشتومڕی دەکرد.

(پێم وابیٚ من حەزم لەشەڕە قسەیە) ئەمەی لەمیان ئەو دادگاییکردنە بەناوبانگەی (رووداوی–ئایشمان)ی نازی درکاند کە لەساڵی 1963 کتێبێك لەبارەیەوە دەردەکات و بەتێپەڕبوونی کات دەیکاتە کەسایەتییەکی پێشبڕکیٚ نەکراو. مشتوومڕ لەبارەی بابەتەکانی هایدگەرو کارل شمیت دەکراو پرسیار لەمەڕ بیری لیۆستراوس دەکرا کە کۆنەپارێزە نوێیە ئەمریکییەکان زانیان بۆ ئامانجی رامیاری بەکاری بهێنن. بەڵام کارەکانی ئارینت و هەندیٚ لەدەقەکانی کە وەك پرۆگرامێکی خوێندن و لەپۆلە کۆتاکاندا بەکاردەهێنرا وازیان لەورووژاندنی دەمەتەقیٚ و مشتوومڕ هێنا. گۆڤاری نوڤێل ئوبسێرڤاتۆری بەناوبانگ کە بنەمایەکی بیروباوەڕ ئامێزی هەبوو ئەو پرسیارەی ئاراستە دەکات ئاخۆ رۆژیٚ لەرۆژان نەبۆتە کەسێکی نازی!

بەمجۆرە ژیانی ئەم ئافرەتە کە بەشداری لەسەرجەم بەرەکانی سەدەی پێشوو دەکات –هەر لەخەباتکردن دژی تۆتالیتاریزمەوە هەتا کێشەی سیۆنیزم–و وەکو بیرمەند کارەکانی دەخاتەڕوو کە بەرادەیەکی کەم فەرامۆشکراوە. بۆیە خەڵکی بەزانستخوازییەوە چاوەڕێی هەردوو بەشی کتێبی –یادەوەرییەکانی بیر– بڵاونەکراوەیان دەکرد کە ئارینت تیادا رۆژ بەرۆژ بیرە فەلسەفییەکانی خۆی لەنێوان

ساڵی 1950 بۆ 1973 تۆمارکردووەو کتێبی (بەرپرسیارێتیو حوکمدان) کە بریتییە لەبیرکردنەوەیەکی قووڵی تەرخانکراو بۆ پێویستی حوکمی بڕیاردراو وەك پرەنسیپێکی زامنکاری ئازادی. گەر بێتو بەرهەمی (ژیانی بیر)و ئەو ووتارە بڵاوکراوەیەی کە لەمیان بیرە جێگیرە تایبەتییەکانیەوە باس لەهەندێ چەمکی داخراوی سەر بەترادیسیۆنی رۆژئاوای ئیفلاتون تاکو هایدگەر دەکات بخەینە سەر کارە بڵاونەکراوەکانی بەچاکی دەرك بەوە دەکەین کە ئەو بەپێچەوانەی قسەو گووتەی ئەملاولا بەردەوامە وەك رۆژنامەوانێکی جەنگ کاری کردووەو هەرگیز وازی لەفەلسەفە نەهێناوە ویڕای ئەوەش ئەم بڵاوکراوانەی دوایی چەنێ مایەی گرنگی پێدان بن بەشێوەیەکی سەرەکی لەگرنگی (بنچینەکانی تۆتالیتاریزم) کەم ناکەنەوە کە بەکتێبێکی هەرە گرنگ دەمێنیێو نەمری بەئارینت دەبەخشێ. گەوهەری پیتۆڵی ئەم ئافرەتە یاخیبووەی دژ بەستەمکاری سەردەم لەکۆی پێکهاتووی هەرسێ بەرگی ناوداری سەردەمی رابردوو ئەنتسێمیزمو ئیمپریالیزمو تۆتالیتاریزم خۆی دەبینێتەوە کە پاشان دەزگای گالیمار لەچوارینێکدا کۆی دەکاتەوە. کتێبەکە لەساڵی 1951 لەئەمریکا دەرکەوتو لەساڵی 1972 لەفەرەنسا بڵاوکرایەوەو ستالیزمو نازیسم لەژێر دروشمێکدا کۆدەکاتەوەو بەشداری لەسیستماتیزەکردنی چەمکێکی نوێ دەکات کە ئەویش (تۆتالیتاریزم)ە. ئێمە بەدرێژایی هەزار لاپەڕە وەك بڵێی شەپۆلی ووشەگەلێکی بەهێز راماندەماڵێو هەستی رەخنەگرتنمان لێدەستێنێ. ناوەرۆکی بابەتەکەی ئارینت بریتییە لەپێکهاتەی تۆتالیتاریزمی ئەورووپاو دەرکەوتەکانی لەکۆتایی سەدەی پێشووتر هەتاکوو جەنگی جیهانی دووەم کە بەشێوەیەکی بەرفراوان باسی دەکاتو بەڕادەیەکی کەم تیادا وونمان دەکات.

ئەم کتێبە گەر لەنزیکەوە لێی بڕوانرێ تەوژمی لاپەڕەکانی لەپارادۆکسو شپرزەیی بەدەرنین بۆ نموونە سەبارەت بەمەسەلەی دریفۆس کە بەئەزموونگەی ئەنتیسێمیزمی ئەورووپای دادەنێ ئارینت بەدەم باسکردنی پۆل دیرولێد سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمان پەروەران لەپێناو کۆمارێکیڕاپرسیکار دەنووسێ: (لەکاتێکدا جەماوەری شۆڕشە گەورەکانی لەپێناو نوێنەرایەتیەکی راستەقینە خەبات دەکەن رەشە خەڵکەکە بەردەوام چەپڵە بۆ کەسی بەهێزو پێشەوای مەزن لێدەدەن (...). بەمجۆرە ئەو راپرسیکەرانەی کە پێشەوای نوێی رەشەخەڵکەکە لەئەنجامێکی بێ وێنەدا بەدەستیان دەهێنێ ئەوانە بیرۆکەیەکی کۆنی کەسانی سیاسەتمەدارن کە پشت بەڕەشە خەڵکەکە دەبەستن).

لەڕێگەی پێشبینیکردنی رۆڵی کەسانی لەکارکێشراوی نێو بزووتنەوە میللییەکان ئارینت لەهەموو حاڵەتێکدا ئاماژە بۆ ئاوێتەیەکی مشتومڕکار دەکات لەپێناوی فەرەنسا. نە پۆناپارتو نەش ناپلیۆنی سێهەم کە لەدوای کودەتاکەی 1851 هاتو لەساڵی 1852 راپرسییەکی میللی چڕوپڕی بۆ کرا نەهێنرانە سەر دەسەڵاتی حوکم چونکە ئارینت دەڵێ ئەوەی کە ناوی (رەشەخەڵك، populace)ی لێناوەو مارکس بە(جەماوەری پرۆلیتار) وەسفی دەکات ئەوانە لەحاڵەتی دووەم جۆرە رۆڵێك دەگێڕن. دوابەدوای بەکارهێنانی شێوازێکی توند لەسەر پێداگرییەکانی، پۆلێنکردنی سیستمە تۆتالیتارییەکان لای مێژوونووسەکانی ئێستا بوونەتە مایەی مشتومڕ . سەبارەت ئێمیلیۆ جینتیل، نووسەری فاشیزم چییە؟ و مێژوونووسی قوتابخانەی ئیتاڵی نوێ، ئارینت کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر لێکۆڵینەوەکە: (لەڕووی بنەماکانی تۆتالیتاریزم بەشێوەیەکی بنبڕ دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە فاشیزم تاکو ساڵی 1938 حکومەتێکی تۆتالیتاری نەبوو، بەڵکو زۆر بەسانایی بریتی بوو لەدیکتاتۆرییەتی ناسیۆنالیستی ئاسایی.. لەڕاستیدا حوکمدانی ئارینت بەسەر فاشیزمەوە لەسەر بنەمای زانیارییەکی کەم دامەزرابوو بەگوێرەی ئەوەی کە فاشیزم وەك گەواهییەك لەڕووی رەنگدانەوەو بیرکردنیەوە پێویستی بەپێدراوە مێژووییە کۆنکرێتیەکان

بوو نائامادەیی تەواوی سەرچاوە بیبلۆگرافیاییەكانی توێی كارە مێژووییەكانی ئەوسا بۆ گۆڕینیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی). سەبارەت مێژوونووسی ئینگلیزیو نووسەری ژیاننامەی هیتلەرو خاوەنی بەرهەمی (نازیسم چییە) ئیان كێرشۆ تیۆرییەكەی ئەو لەسەر بنەمای لێچواندنی كۆمەڵگەی دەستەجەمعی بەژیاندنەوەی تۆتالیتاریزم ڕەتكردەوە: (وەسفكردنی ئەو بۆ رادیكالیزەكردنی داسەپاوی نازیسمو سروشتی روخێنەرانەی بەشێوەیەكی بنچینەیی لەلایەن پشكنەرو لێكۆڵەرانی دواتر پێداگری لەسەر كرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش شیكردنەوەی بۆ ستالینیزم كەمتر مایەی ڕەزامەندییە. وێڕای ئەوەش نەیتوانی بگاتە ئەو ئاستەی كە تیۆرییەكی روونو ئاشكرا یاخود بیرۆكەیەكی تێروتەسەلی لەمەڕ سیستمە تۆتالیتارەكان ئامادە بكات. ئاكام ووتوێژو گفتوگۆ سەرەكییەكەی لەپێناو روونكردنەوەی پەرەسەندنی تۆتالیتاریزم ونبوونی چینەكانو قەرەبوكردنەوەیان بەكۆمەڵێكی دەستەجەمعی دووچاری هەڵەكاری بوو) كێرشۆ ئەمەی نووسی هەرچەند تێڕوانینەكانی لەڕێككەوتنی دەستەجەمعیەوە دوورن. ئارینت بینەرێكی بەسەلیقەی كارە شەڕەنگێزییەكانی نێو مێژوو و مێژوونووسی نییە وەلێ هەرگیز ئەوەی رانەگەیاندووە. ئەو لەگەڵ ئەوەش بەمتمانەیەكی زۆرەوە حوكم بەسەر رابردوو و رانەبردوو دەسەپێنێ لەڕێگەی وێناكارییەكی ئاڵۆزی ئەو سەربەستییەی كە ستایشی دەكات، بەڵام دژ بەهەڵەكانی شیكاركردن بەشێوەیەكی توند هێزو بەرگری پێنابەخشێ. چاكترین ستایشو رێزی ئێمە بۆ ئەو ئەوەیە كە بەهزرێكی رەخنەگرانەی شایستە بەو كارەكانی بخوێنینەوەو ئەمەش هیچ لەبەهاو نرخی كەمناكاتەوە وەلێ هەندێ جار هەندێ لەپیاهەڵدەرەكانی بەشێوەیەكی هەڕەمەكو تێكەڵوپێكەڵ باسی لێوەدەكەن. بەڵێ..

**سەرچاوە:**

Le Figaro litteraire du 22 September 2005.

# Memorirs of a Geisha

# سەمای (گیشا)

و: نەبەز كەمال


دیمەنێك لەفیلمەكە

نامەیەكی رەنگاورەنگە رۆحی ژاپۆن لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، لەدەروازەی ئیمپراتۆڕە گومڕاكان یان پیاوكوژەكانی سامۆرا یان جەنگەكانەوە نا، بەڵكو لەدەروازەیەكی ترەوە كەبەسەر هونەردا دەڕوانێت، پیشەسازیی رەنگ‌و

ناسکی، پیشەسازی سەمای تادوا رادە سەنگین، چیرۆکی هەژاری، ئەو کاتەی بەنهێنیو لەژێر پەردەی شەودا لەکۆیلایەتی هەڵدێ بەرەو ناوداریی نمایشو دەچێتە ریزی خانەدانانەوە.

سەمای (گیشا) زۆر لەو باوەشێنە ئاوییە لەکاغەز چنراوە دەچێت کەسەماکارەکان بەکاری دەهێنن، تابلێی ناسکو سووکەڵەیەو توانای خۆحەشاردانی لەپشت رەنگەکانەوە هەیە، لەدەمامکی ئەو سەماکارانە دەچێت کەزۆر بەوردی ئامادەکراوەو لەو جوانییەی خۆیان دەچێت کەهەموویان تیایدا چونیەکن، لەناسکی ئەو شنەبایانە دەچێت کەلەبەهاری ژاپۆندا گوڵە پەمەییەکان دەوەرێنن، ئەو گوڵانەی لەئێوارە ناسکەکاندا بەردەوام دەوەرنو بەسەر شنەباکانەوە مەلە دەکەن. ئەوان وەك سۆزانییە سوکەکان نمایشی لەشو لاری خۆیان ناکەن، لەکاتێکدا هەر کەیەکێکیان ئامادەو تەیار دەبێت بۆ کارکردنو دەگاتە کاملی دەستبەجێ پیاوان بۆ تەماشاکردنی هەڵدەستنە سەرپێ.

گیشا بوونەوەرێکە هەموو کەسێك بڕوای بەئەفسانەکەی هەیە، زۆر وەستایانە بۆ ئەوە دروست کراوە کەبوونەوەرێکی بێ هەستو نەست



دەرچێت، لەجوانیدا ئایەتێکە بۆ خۆی، تابلۆیەکی کامڵە لەنێوان سووکیو پاکیدا، مۆسیقایەکە لەرۆحی رۆژهەڵاتو لەلێهاتوویی جادووبازەکانەوە سەرچاوەی گرتوە.

لەنێو هەموو ئەو راڤانەدا ئەم فیلمە دەچێتە ناخی پەراوێزخراوی ئەو خانمانەوە، دەمامکەکانیان لادەباتو گەرمی ئەو دڵانە ئاشکرا دەکات کەلەژێر ئەو دەمامکانەدانو دەیانکاتە خواوەندی مۆسیقاو باوەشێن، فیتنەی کامڵ چ نییە بێجگە لەژنێك کەفرمێسك گوشیوێتیو هێشتا دەرگای دڵی بۆ فریشتە لەسەرپشتە.

دنیای فیلمەکە دنیایەکی ژنانەیە، رەنگە فرتو فێڵەکانیشی لەهەر کۆمەڵگایەکی تری ژنانەداو لەهەر سەردەمێکدا هەمان ئەو فرتوفێڵانە بن، کۆمەڵگایەکە لەسەر ئەوە راهاتوە کەراشکاوانە هەستەکانی خۆی ئاشکرا نەکات، بەڵکو لێیان گەڕێت بەبێوەیترین رێگا، بەبێدەنگیو بەئازارەوەو خانەدانانە بمرن.

فیلمەکە بەرهەمی پایزی 2005ی رۆب مارشاڵ-ی دەرهێنەرە کەپاش چەند کاری تەلەفزیۆنی بەناوبانگ ناوی زۆر دووبارە دەبۆوە، ئەو کارانەشی سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناو دواهەمین کاریشی فیلمی ئۆسکارگری (شیگاکۆ)یە کەچڵەپۆپەی بەرهەمەکانێتی. دوای ئەویش (میمۆریز ئۆف ئە گیشا) دێت کەلەرۆمانێکی ئارسەر گۆڵدن وەرگیراوە بەهەمان ناونیشانەوە، ئەو رۆمانە لەگەڵ دەرچوونی لەسەرووی ریزبەندی پڕفرۆشترین رۆمانەکانی داگیرکردو هەر ئەوەش ئەو دەرهێنەرە بەناوبانگەی جووڵاند، دیارە بێجگە لەجادووبازیی رووداوەکانی ناو رۆمانەکە، کەلتووری ژاپۆنی پلەیەکی بەرز دەبەخشێتە گیشا کەناکرێت ئەو پایەیە لەگەڵ تێڕوانینی رۆژاوا بۆ هەمان بابەت یەك بگرێتەوە، خۆ

نامۆیی هەڵوێستەکە لای ئێمە زۆر زیاترە، فیلمەکە ئەمەمان لەرێی هاتنەناوەوەی کەسی ئەمریکی بۆ باس دەکات کەپێشوەخت تێڕوانینی خۆی هەیە بەرامبەر ژنو بەرامبەر سەماکردن، بۆیە بەر لەبینینی فیلمەکە دەبێت لەوە بگەین کە(گیشا)کەی ناو کەلتووری ژاپۆنی لەسیستمی کۆمەلایەتی رۆژاوادا لەبنەڕەتەوە بوونی نییەو هیچ پلەیەکی نییە، زۆر کەسیش بەزەحمەت دەتوانن هەست بەوە بکەن کەگەیشتن بەو پلەیە کارێکی دژوارەو پێویستی بەساڵەهای ساڵی خوێندنو فێربوون هەیە.

وێڕای نارەحەتی ئەو هەستکردنە کەچی فیلمەکە هێندە جادووییە کەتوندترین رەخنەگرانی وەها لێکردوە بەچاوی رێزو ستایشەوە بڕواننە کارامەیی وەستاکەی، هەموویان ستایشی وردبینیەکەی دەکەن کەچۆن کەشی ژاپۆنی بەر لەجەنگی گواستۆتەوە سەر شاشە، لەپەنجەرەو دەرگا کاغەزییەکانەوە هەتا کۆلانە زۆر باریکەکانو شەوە نهێنییەکانی ئەو کۆلانانە، هەروەك ئەو خاڵەشی بۆ تۆمار دەکەن کەچۆن دیمەنەکانی رۆمانە نوسراوەکەی بەوێنەو هەستەوە هێناوەتە سەر شاشە بەبێ هیچ زیادەڕەوی یان لێبڕینێكو هەروەها چۆن ئەو هەموو وردەکارییانەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە بەبێ ئەوەی تووشی شلەژان بێتو بەبێ ئەوەی زۆری دیمەنەکان یەکانگیری چیرۆکەکە بشێوێنێت کەهەموو لایەك لەسەر پێکداچوونی لایەنەکانی هاوڕان، لەمەشدا لەسادەیی ئەو فیلمە ئەمریکاییە نوێیانە ناچێت کەلەبیرۆکەی سادەوە هەڵێنجراونو سیناریۆکانیشیان هەر بەو سادەییە هۆنراوەتەوە.

لایەنی سەلبی فیلمەکە کەهەندێك رەخنەگر بەنەنگییان دادەنێنو هەندێکی تر داکۆکیی لێدەکەن پەیوەستە بەچەند خاڵێکەوە سەرلەبەر بەشێکی کەلتوورێکی قووڵو رەسەنو چڕوپڕی ژاپۆن پێك دەهێننو بەو هەموو چڕوپڕییەوە هێنراوەتە گۆڕێ بەبێ هیچ هەوڵێکی گونجاندنی چڕییەکەی لەگەڵ ئەو بابەتانەدا کەجێی بایەخی بینەری ئەمریکایی یان جیهانیی سادەن، ئەو بینەرەی هیچ شتێك نەیبەستۆتەوە بەکەلتووری ژاپۆنیەوە. کەموکوڕتی یەکەم کەرەخنەگران لێی دوان پۆشاکی (کیمۆنۆ)یە کەپۆشاکێکی ئاوریشمینەو بەشێکە لەمێژوویەکی گرنگی ژاپۆنو رەسەنایەتییەکی زۆر قووڵی هەیە، گوایا فیلمەکە نەیتوانیوە بەپایەی زۆر تایبەتیی خۆیەوە بیگوازێتەوەو تەنها سەرپێیی نیشانی بینەرانی داوە. رەنگە زۆربەمان نائاشنا بین بەوردەکارییەکانی کەلتووری ژاپۆنی، بەڵام دەرکەوتنی ئەو پۆشاکە لەفیلمەکەدا زۆر کاری تێکردووینو لەدڵەوە هەستمان بەبایەخەکەی کردوە. بگرە رەنگە هەستمان بەوە کردبێت چەند جوانەو تاچەندە ژن دەکاتە پەپوولەیەکی خانەدانی رێکپۆشو رەنگین لەناسکترین دۆخەکانی ناسکیی خۆیدا.

دوای ئەوە دەبێت بگوترێ ئەگەر دەرهێنەرەکە کیمۆنۆی بەهەموو بەشەکانیەوەو بەو شکۆدارییە زیادەڕۆیەوە کەهەیەتی بەبەر ئەو خانمەدا بکردایە چ شتێك دەگۆڕا، ئایا فیلمەکەمان بەشێوەیەکی تر دەبینی؟ یان ئەو هەستانە دەگۆڕان کەدیمەنەکان لەناخی بینەردا بەجێیان هێشتوە؟ لەڕاستیدا نەخێر، چونکە فیلمەکە بەهەر حاڵو بەو کەموکورتییانەیەوە کەباسی لێوە دەکرێ جوانییەکی تایبەت بەژاپۆنی نیشان داوە بەتەواوی کەشی تایبەتی ژاپۆنەوەو بەلێکگرێدراوییەکەوە کەبەبێ هەستکردن بەهیچ زیادەڕەوییەك لەڕووداوێکەوە بۆ رووداوێکی تر بینەر دەبات، تەنانەت بەبێ هەست کردن بەبەرودوا کردنی دیمەنەکان.

لەو بەشانەی تری فیلمەکە کەلەلای هەندێك جێی رەخنەو لای هەندێکی تر جێی ستایش بوون، دەرهێنەر نەیتوانیوە کەلتووری ژاپۆنی لەقاوغەکەی خۆی دەربکاتو لەبنەتۆوی هاوکاریی ئەمریکا-چیندا

بەرجەستەی بکات، ئەمەش لای هەندێك بەنوشوستێکی نائاسایی ناوبراوەو لێرەوە فیلمەکە ترنجێندراوەتە ناو مشتومڕێکی سیاسییەوە بەبێ هیچ ڕەچاوکردنی هەوڵ و ماندوبوونی ئەکتەرەکان و ڕەچاوکردنی ئەوەی تاچەند ئەو ئەکتەرانە شایستەی ئەو ڕۆڵانە بوون کەبەهۆی بەهرەکانیانەوە پێیان دراوە نەك بەهۆی ڕەگەزنامەیانەوە، بەو پێیەی دەرهێنەر دواجار نەیویستوە لەڕێی چیرۆکێکی ژاپۆنییەوە دڵی جەماوەری چین بەلای خۆیدا ڕابکێشێت! لەمبارەیەوە بەگوتەی هەندێکیان ئەکتەرەکان هەتا بتوانن حاڵەتێکی ژاپۆنییانە بەرجەستە بکەن تووشی گرژی هاتوون و پەنانەبراوەتە بەر هیچ ئەکتەرێکی ژاپۆنی و ئەوەش وایکردوە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی چین عەفەویەتی خۆیان لەدەست بدەن و عەفەوییەتەکەیان ببێتە جووڵەیەکی میکانیکی ئەوتۆ کەزیان بەفیلمەکە بگەیەنێت، ئەگەرچی میشیل یو-ی ژنەئەکتەریان لەمەدا جیاکردۆتەوە کەرۆڵی (مەمیها گیشا)ی خوشك و فێرکاری سیروی-ی دەبینی، بەڵام کامە ئەو گرژییەیە کەباسی دەکەن، کامە ئەو جووڵە میکانیکیەیە، خۆ هەر جووڵەیەکیش ئەگەر بەو شێوەیە پۆلێن بکرێت (کەرەنگە ئەوە بۆچوونێکی توندڕەوانەش بێت) دەکرێت لەلایەنێکی ترییەوە بەزیندوو و ڕاستگۆ دابنرێت ئەگەر بەسادەیی و عەفەوی سەیری فیلمەکە بکرێت، بەڵام ڕووداوەکانی فیلمەکە لەخۆیاندا بەدەوری ژینگەی خانەدانەکاندا دەسووڕانەوەو ئەوەش کەشێکی کلاسیکی تایبەت هەڵدەگرێت کەتەنانەت ئەگەر نەرمترین یان گرژترین حاڵەتەکانی بهێنینە بەرچاوی خۆمان ناتوانین لەقاڵبی ئەو فیلمە دەرچین.

هەندێکی تر لەبنەڕەتەوە دژی ئەوە بوون ناسنامەی چینی ببێتە نمایندەی کەلتووری ژاپۆنی و بەوەش فیلمەکەیان کرد بەقوربانی سیاسەت، ئەمەیان دەکرێت لەبنەڕەتەوە بەتێڕوانینێکی ڕەگەزپەرستانە دابنرێت و ئاوڕی لێ نەدرێتەوە.

ئێمە خۆمان بەدڵنیاییەوە زۆربەمان ناتوانین بەتەواوی جیاوازییە وردەکانی نێوان شتی ژاپۆنی و چینی لێك جیابکەینەوە، هەموو ڕۆژهەڵاتییەکانی ئاسیا لای ئێمە وەك یەکن، بۆیە لەڕووی دۆکیومێنتارییەوە مەرج نییە فیلمەکە (لای ئێمە) لەبارەی ژاپۆنەوە بێت، دەرهێنەریش ناچار نییە لەڕێی وردەکارییەکەوە کەبینەر پێویستی پێی نییە ژاپۆنمان بۆ پێناسە بکات، بینەر لەڕێی فیلمەکەوە بەشی خۆی مەعریفەو وێنەی ژاپۆنی وەردەگرێت و ئەو وێنانە بەوپەڕی جوانیەوە خراونەتە بەرچاوی، هەروەك چۆن وزەیەکی تێدایە بەشەفافیەت و ناسکی خۆی چاوو دڵی بینەر دیل دەکات و ئەوەندەش بۆ بینەر بەسە بۆ ئەوەی ئەو فیلمە وەك بەرهەمێکی جوانی 2005 دەستنیشان بکات، فیلمێکی هۆڵیوودی کەتیایدا هۆڵیوودی توندوتیژی و هۆڵیوودی سێکس لەڕێی سیناریۆیەکی زۆر بەرزەوە تێپەڕێندراوە.

ئەو فیلمەی بۆ شەش خەڵات پاڵێوراو یەکێکیانی لە(گۆڵدن گلۆپ)دا بەدەستهێنا، بەزمانێکی زۆر ناسك و بەمۆسیقایەکی دڵڕفێنی ئیلهامبەخشەوە باس لەکچی ڕاوچییەك دەکات باوکی وەك کۆیلە دەیفرۆشێت بەماڵێك ژنانێکی (گیشا) تیایدا دەژین، کیژۆڵەیەکە بەیەك زەردەخەنە دڵان دەڕفێنێت و لەبری ئارەق گێلاسی سوور دەردەدات، دوو چاوی ڕەنگ ئاویی هەیە کەئاسمانێکی شینیان تێدا تواوەتەوە، دوو چاوی ئەسیرکەر بەهەموو مانایەکی ئەو وشەیەوە، ئەوەتا لەگەڵ یەکەم داچڵەکینی ترسئامێزی لەتاریکایی شەودا دەزوولەیەك دڵی بینەر ڕادەکێشێت و دەیخاتە داوی پاکیی ڕوخساری ئەو کیژۆڵەیەوە.

ئەو کیژۆڵە جادووبازە، پڕشنگدارترین ئەکتەریش بوو لەفیلمەکەدا بەبێ ڕکابەر، دەکرێ خراپەو خۆپەرستی و ڕق و فیتنەبازی پێکەوە چەند مانایەکی کاریگەر بن کە(جۆنگ لی)ی ئەکتەر هەموویانی پێکەوە لەڕۆڵی (هتسمۆمۆ)دا پوخت کردبۆوە. دەشکرێت ڕۆڵی

خوشکە (مەمیها) هێندە لەئەداو لەروخساردا لەگەڵی گونجابێت کەرەنگە لەئامادەیی پاڵەوانی سەرەکیی فیلمەکە (سیوری) بەهێزتر بێ، بەڵام هەموو ئەو خەسڵەتانە دەکەونە دەرەوەی فەلەکی ئەو کیژۆڵەیەی ئەداو پاکیی جەستەیی پێکەوە بەرادەیەك کۆکردبۆوە رۆڵەکەی پڕ بەبەری بێت تائەو رادەیەی بەئەستەم کەسێك بتوانێت ئەوە بهێنێتە بەرچاوی خۆی ئەو کیژۆڵەیە لەدەرەوەو لەناو خەڵکدا بوونی هەبێت.

دیمەنەکانی فیلمەکە ئەوەندەی نامێنێت بەر پەردەی چاوی بینەر بکەون، بەوردەکارییە چڕوپڕو توندوتۆڵەکانیانەوە کەبەسن بۆ ئەوەی بینەر بەرۆحێکی تێنوو و چاوێکی ماندوونەناسەوە دوایان بکەوێت، پێم وایە لوتکەی ئەو دیمەنانەش ئەدای (سیوری)یە لەدوا دیمەندا کەئەو ئەدایە گاز لەناسکترین شوێنی دڵی مرۆڤ دەگرێت، بەهۆی ئەو تۆزە فرمێسکەوە کەهەر دەبێ بکەوێتە خوارەوە، رەنگە لەبەرئەوەی چیتر پێویستی بەراوەستان‌و جێنەگۆڕین نەماوە، ئەو فرمێسکەیە کەتەمەنێك خۆی بۆ یەك چرکەساتی خۆشەویستی کۆکردۆتەوە.

زۆر دیمەن وەك تابلۆی نەخشێندراوو جووڵاو تێپەڕین، بۆیە دەبێت باسێکی داهێنانی وەستایانەی رەنگەکان بکەم لەو فیلمەدا، هەروەها ئەو دابەشکارییانەی لەنێوان تاریکی‌و رەنگە ئیقاعییە زەقەکانی نمایش‌و رەنگە خەونئامێزەکاندا دەهاتن‌و دەچوون کەلەگەڵ ئارەزووی بینەرو ناسکیی چاوە رۆژهەڵاتی ئاسیاییەکاندا دەهاتنەوە. جوانترین دیمەنی دابەشکردنی رەنگەکان ئەو دیمەنە دڵڕفێنە بوو کەسیوری لەپاڵ چیایەکدا راوەستابوو تەماشای دەریاکەی دەکرد، لەوێدا دەرهێنەری بلیمەت رەنگی دەریاو رەنگی ئاسمانی پۆشاکەکەی کەلەرەنگی چاوەکانییەوە نزیك بوو لەگەڵ رەنگی سەوزایەکەی بێوەیەکەی چواردەوری لەتێکەڵەیەکی هێمندا بەشێوەیەك بەکارهێنا کەبا روەو هەست کردنێکی زەق لەیەك کاتدا بەئاشتیش‌و بەبێئومێدیش دەیجووڵاند، بەبڕوای من هیچ بینەرێك نیە هەستی بەو ساردییە نەکردبێت، چونکە دیمەنەکە بەبێ هیچ قسەیەك کەماڵی تەواوی تێدابوو.

ئەگەر شتێك مابێت بیڵێم ئەوە لەمەڕ دوو دیمەنە، یەکێکیان کەسیوری‌و خوشکەکەی دەچنە گۆڕەپانی زۆرانبازی، ئەوە لەدیمەنێکدا کەپێم وایە گرنگترین دیمەنەو گرێی بنەڕەتیە لەرێچکە لادانی فیلمەکەیە بەلۆژیکێکیش کەدەخوازێت چەپڵەی بۆ لێدەم بۆ دانایی نووسەرەکەی‌و عەفەویەتی دەرهێنەرەکە.

دیمەنەکەی تریش دوادیمەنە کەوەك پێشتر گوتم لوتکەی ئەدای سیوری—یە لەپاش ترسی لەوەی ئەو کەسە خانەدانە دەستدرێژی بکاتەسەر، زۆر بڕوام هەیە ئەو دیمەنی کۆتاییە لەرووی بەرزی ماناوە ناسکترین بەشی هەموو فیلمەکەیە، دوای ئەوانیش ئەو دیمەنە دێت کەکیژۆڵە هەژارەکە پارەی پیاوچاکێك لەپەرستگایەکدا دەکاتە قوربانیی بۆ نوێژەکەی، ئەو دیمەنە سەرەڕای گەورەیی کاریگەرییەکەی بەڵام لەنێو هەموو دیمەنەکانی تری فیلمەکەدا دەتوانم جێ پەنجەی ئەمریکا لەدروستکرنیدا ببینم، سیوری‌و خۆشەویستەکەی یەك دەگرنەوەو هەریەکەیان بەقوڵپی فرمێسکەوە دڵی خۆی بۆ ئەوەی تر ئاشکرا دەکات، ئەوەش حاڵەتی ئینفیعال بەرادەیەك دەوروژێنێت کەمن‌و زۆر کەسی تریش ناتوانین پەی بەشوێنی ئەو ماچە ببەین کەلەوێدا روویدا، من پێم وایە حاڵەتی ئینفعالەکە زۆر لەوە زیاتر بوو کەجێی کردەیەکی وەهای تێدا ببێتەوە کەپێویستی بەبارگەیەکی کەمتری وروژانی هەست هەیە، کەسێك ئەو فیلمەی لەو دیمەنەدا نەبینیبێت لێم تێناگات، ئەو دیمەنەی وادەزانم سرف دەستکردی ئەمریکایەو بۆ ئەو جەماوەرەی ئەمریکا دانراوە کەهەرگیز خەیاڵیان جێگەی خۆشەویستییەکی بێ ماچی تێدا نابێتەوە.

## من لەپەروانە فێری ئەوین بووم، هەتاکو سووتان رووم لەچرایە
## چۆن سوجدە بەرم بۆ عەشقێکی‌تر، کە بالآی عەشقی تۆ لەهەورایە

### عەشق لەدیدارێکی هونەرمەند بەهجەت یەحیادا


ئا: عادل شاسواری

ئەڵمانیا-میونشن


(هاواری و یژدان.. سۆزی شەوێك.. نەی لەگەڵ دڵم ئەدوێ.. فەنابوون) ئەم بەرهەمانە شوناسی هونەرمەندێکن کە پەیامێکی عاشقانەو ئەویندارانەی هەڵگرتووەو هۆبە هۆبە لەم ساڵ بۆ ئەو ساڵو لەم شار بۆ ئەو شار گەورەی کردووە تا گەیاندوویەتیە ئەوەی کە ببێتە خاوەن رێچکەی خۆی.. بەدەنگی جیاو شێوازی جیاو ئاوازی جیا بەردەوام سنووری خۆناساندنی بەهۆگرانی فراوانتر ئەکات.

ئەوەی دێباچەی ناساندنی ئەم هونەرمەندە لەوانیتر جیادەکاتەوە چرکەساتی دەستپێکردنیەتی، چونکە بەهجەت یەحیا بەلاساییکردنەوەی کەس یان بەفۆلکلۆر دەستی پێنەکردووە، بەڵکو بەئاوازی نوێ حاڵی دروستکردووەو جۆشی داوەو بەشیعری رۆحانیو عارفانە لەتەهلیلەی عەشقەوە بەرەو هەودای ئەوینێکی قووڵی ئینسانیو هاوارێکی ویژدانی هەنگاوی ناوە.. هەر بۆیە گوێگرتن لەبەهجەت یەحیا گوێگرتنە لەویژدانێکی زیندووی مرۆڤایەتی.. ئەمە سەرەڕای ئەو سیما رەسەنە کوردەواریەی کە بەهونەرەکەیەوە دیارەو بووەتە شەقڵێکی ناسینەوەی.

بەهجەت یەحیا مرۆڤێکە لەئاواز.. ئاوازێکە لەگڕ.. ئەو گڕی عەشقەیە لەگەڵ هەر بەرهەمێکی نوێیدا دووبارە فێری ئەویندارییمان دەکاتەوەو وانەی سووتانو قوربانیدانمان پێدەڵێتەوە..

لەئێوارەی 2006/2/9 کاتژمێر (8:30)ی شەو لەشوقەکەی خۆیان لەشاری میونشن-ئەڵمانیا چاومان بەدیداری ئەم هونەرمەندە هەست ناسکە کەوتو لەپرسیاری ئێمەو وەڵامی ئەوان ئەم دیدارە بۆ بەردیدگای ئێوەی ئازیز بەبەرهەم هات.

***هۆکاری ئەوە چییە بەگشتی تەسەوف تێکەڵ بەعیشقە لەلای هونەرمەند بەهجەت یەحیا؟**

-ئەوین ئەو گرو تینە مەعنەویە بەهێزە کە پاڵ بەمرۆڤەوە ئەنێت بۆ گەیشتن بەترۆپکێك کە پڕە لەگیانی خۆبەخشینو دوورە لەخۆپەرستی. هیچ هەنگاوێك سەرکەوتوو نابێت گەر ئەوینێکی لەپشتەوە نەبێت. هەموو ئەو شاکارە جوانانەی کە بەرهەمی مرۆڤایەتینو ئەمڕۆیان بنیاتناوە بەرهەمی دەستو پەنجەو هۆشی ئەو کەسانەن کە کۆڵنەدەربوونو خۆشەویستییەکی گەورە لەناخیاندا وایلێکردوون کە بتوانن خەونەکانیان بگەیێننە ئاستی پراکتیزەکردن. ئەوینداران کەسانی ئازاو لەخۆبووردوونو چرای بیریان هەردەم رۆشنکەرەوەی رێگا نووتەکەکانە.

ئەگەر کەمێك بەوردی لەهۆنراوەی تەسەوف بڕوانین



عەشقێکی پاکی بێ پایانو قوڵاییەکی دەوڵەمەند لەمانا بەدی ئەکەین کە گوزارشت لەسەردەمێك ئەکات کە هێشتا کاردانەوەی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵگاو کێشمەکێشمەو ململانێی دنیای سەرمایە هەندێك ئیرادەی لەمرۆڤ نەسەنبۆوە.

گۆرانیەکانم باس لەپەیامی ئەوینێك ئەکەن کە هۆشدارەو هەڵقوڵاوی هزرێکی عاشقانەیە. ئەم جۆرە لەهونەر زۆر راستەوخۆ ئەتوانێت لەگەڵ ناخی گوێگردا بدوێتو بیباتە جیهانێکەوە کە لێوان لێوە لەشەیدابوونێکی راستگۆیانە.

***گۆڕانکاریەك ئەکەیت لەموفرەدەکانی تەسەوفەوە بۆ ناو بۆتەی عەشق کە لەتەوزیفکردندا بەرێزت ناسراویت، وەك (فەنابوون، حەلیف، حەللاج) ئایا ئەمە بەمەبەستە یان خۆی واگوزەراوە؟**

—کارکردنم لەبواری مۆسیقای سوننەتی (ترادیسیۆن)و هۆنراوەی تەسەوفدا شتێك نییە بەڕێکەوت یان هەر لەخۆیەوە دروست بوبێت. کاری هونەریی بەرپرسیارێتیەکی ئاکاری گەورەیەو دەبێت هونەرمەند زۆر بەئاگاییەوە بەرهەمەکانی ئەنجام بدات دەنا لەوانەیە لەجیاتی خزمەت زیانێکی زۆر گەورە بەفەرهەنگی میللەتەکەی بگەیێنێت. بەتایبەتی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کاریگەریەکی دەروونیی بەهێزی هەیە لەسەر کۆمەڵگا.

چۆن ئاوازێکی خۆش ئەتوانێت بمانلاوێنێت، بەهەمان شێوەش ئاوازێکی ناساز ئەتوانێت بمانشێوێنێت.

سەبارەت بەوشەش هەر بەهەمان شێوەیە. ئەگەر هۆنراوەکە مانایەکی فەلسەفیو سەنگێکی ئەدەبیی نەبێت، ئەوا دەبێتە قسەی ئاساییو نەبوونی گەلێ چاکترە. ئەو وشانەی کە لەپرسیارەکەدا ئاماژەتان بۆ کردوون لەهزری خەڵکدا باگراوندی مێژوویيان هەیەو دەبێت لەجێگای شیاوی خۆیاندا بەکاربهێندرێن.

***لەهونەرەکەتدا زۆر بۆ عەشق ئەژیت ئایا بەواقیعیش وابوویت؟**

—لەناخی هەر کەسێکدا کۆمەڵێك پرسیاری بێ وەڵام هەیە. ئەم پرسیارانە دەبنە هاوارو هاوارەکانیش دەبنە گۆرانی، بڕواناکەم کەسێك هەبێت بتوانیت بەدرێژایی تەمەنی هاوار بکاتو هاوارەکەی هەڵقوڵاوی ویژدانی نەبێت.

***ئەو شیعرانەی کە ئەیانکەیت بەگۆرانی هەندێ جار هی کەسانێکن نەناسراون تۆ هۆکارێکیت بۆ ناسینیان مەبەستت لەوە چییە؟**

—هۆنراوەی سەرکەوتوو خۆی خۆیئەسەپێنێ، ئەو هۆنراوانەی کە کردومن بەگۆرانی لەگەڵ هەستو نەستما گونجاون بۆیە توانیومە کاریان لەسەر بکەم. بۆ نموونە ئەم بەرهەمە نوێیەی کە ئەمجارە بڵاومانکردەوە دوو هۆنراوەی تێدایە بەناوی:

(فەنابوون، دڵسۆزەکەم) کە هەردووکیان هی هاوڕێی خۆشەویستم کاکە هێمن—ی مام نادرن. بەڕاستی کە هۆنراوەکانی ئەخوێنیتەوە هەست ئەکەیت کە ئەمیش رەنگێکی جیاوازە لەهەموو رەنگەکانیتر.

مۆسیقای شیعریو ریتمیان زۆر لەبارن بۆ گۆرانی، بەڕووحێکی سۆفییانەوە هەورازو نشێوەکانی ژیانی بەهۆنراوە ئەهۆنێتەوە. کەشکۆڵە شیعرێکی بۆ نووسیووم هەر بەجارێ وەکو باران عەشقی لێدەبارێ. لەداهاتوودا دێتە بەرهەمو بڵاودەبنەوە، من لەڕوانگەی ئەو هۆنراوە جوانانەوە کە نووسیونی ئەگەر رێگام پێبدەن دەڵێم (ئەشێ هێمنیش هێمنی سەردەمی خۆیبێ).

***خۆت ئاوازدانەری گۆرانیەکانتی ئایا ئەتوانیت تیشکێك بخەیتە سەر ئەم بوارە؟**

—بەڵێ ئاوازەکان بۆ خۆم دایاندەنێم، ئاوازدانانیش خۆی بۆ خۆی دنیایەکی بەرفراوانە هەرچەندە بەهرەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا زانستیشە. یەکەم ئەبێت گونجانێکی تەواو هەبێت لەنێوان پەیژەی مۆسیقاکە (مقام) لەگەڵ مانا فەلسەفیەکانی هۆنراوەکە دووەم ئەبێت گونجانێکی تەواو هەبێت لەنێوان بڕگەی دێڕی هۆنراوەکەو ریتمی گۆرانیەکە. هۆنراوەی سەرکەوتوو کۆمەڵێك نهێنیو ئەفسوونێك لەجوانیو گەوهەرێك لەمانای لەناو قووڵایی خۆیدا حەشارداوە، ئاوازدانەر ئەبێت وەك: دەریاوانێك ئەو گەوهەرە لو قووڵاییەدا بدۆزێتەوەو دەریبهێنێو نهێنیو جوانیەکانی هۆنراوەکە بخاتەڕوو.

ئاوازێکی نارەسەن ئەتوانێت هۆنراوەیەکی رەسەن تێکبشکێنێت، بەلاّم هەزار ئاوازی نارەسەن ناتوانن هۆنراوەیەکی نارەسەن جوان بکەن، لەراستیدا ئەمەوێت لێرەوە ئەوەش بڵێم کە ئێمە رووحی خۆمان ئەسووتێنین هەتا ئاوازێکی رەسەنو بەهەست لەدایک ئەبێت کەچی لەگەڵ هەموو رێزو خۆشەویستیەکما بۆ تیپە هونەریەکانی رۆژئاوای کوردستان کە هەندێك لەگۆرانیەکانم بەناوی فۆلکلۆرەوە ئەڵێنەوە بەبیٚ ئەوەی هیچ پرسێك بکەن. بەمەرجیٚ زۆربەیان ئاوازو هۆنراوەی خۆمن بۆ نموونە گۆرانیەکی کرمانجی ژوورووم هەیە (کوردستان گەر توو نەبی) بەدەنگی چەند هونەرمەندی جیاواز لەکەناڵەکانەوە گوێم لێبووە.

***ئایا ئامادەکردنی مۆسیقاو تۆمارکردنی بەرهەمەکان لەهەندەران کێشەتان بۆ دروست ناکەن؟**

–هیچ کارێك نییە بەبیٚ ئەرکو هەر لەخۆیەوە بێتە بەرهەم، بەلاّم خۆشەویستیو هاوڕێیەتی هەمیشە ئاسانکاری کیشەکانە. کە ئاوازەکانم دادەنێم دەیاننێرم بۆ هاوڕێی خۆشەویستم هونەرمەند کاکە کارزان مەحمود. ئەویش بەهەستە جوانەکەی مۆسیقایەکی زۆر گونجاوی بۆ دادەنێت بەشێوەیەك کە گوێی لیٚدەگرێت وادەزانیت ئاوازەکەشو مۆسیقاکەش یەك کەس دایناون.

شارەزایەکی زۆر بەهرەمەندە لەبواری مۆسیقای سوننەتیداو زانستەکەی لەتەمەنی خۆی زۆر گەورەترە.

هەروەها هاوڕێی خۆشەویستم هونەرمەند کاکە ئارا ئەحمەد لەستۆدیۆی لانەی دەنگ لەسلێمانی ئەرکی تۆمارکردنو میکسو ماستەرینی لەئەستۆی خۆی گرتووەو بەهەستی ناسكو پەنجەی رەنگینی بەرهەمەکان جوانتر ئەکات. کەسێکی خاوەن ئەزموونەو بەشێوەیەکی زانستیانە کاردەکاتو کوالیتیتێکی پرۆفێشناڵی سەرکەوتوو بەئەنجام دەگەیەنیٚ.

تەنها بەهاوڕێیەتیو دڵسۆزیو خۆشەویستی ئەتوانین ئاستی هونەریمان بەرەوپێش بەرین.

هونەر کارێکی هەرەوەزیەو کەس بەتەنها هیچی پێناکرێت.

# فیلمێکی نوێی هونەرسەلیم

شۆرش محەمەد حسێن



هونەر سەلیم لەکاتی وێنەگرتنی فیلمە نوێکەیدا

هونەرمەندی سینەماکار (هونەر سەلیم) کە خاوەنی چەندین بەرهەمی سینەماییە لەوانە (ڤۆدگالیمۆن ، پشت خەونەکان، بژی کوردستان، کیلۆمەتری سفر) کەئەمەی دواییان لە فێستیڤاڵی (کان) ی پارساڵدا بەشداری کرد، فیلمەکانی هونەر سەلیم زۆرێك لەخەلاّتە بالاّکانی لەژمارەیەکی زۆر لەفێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە، لەوانە بەدەستهێنانی خەلاّتی(سان مارکۆ) لەفێستیڤاڵی ڤێنیسیای سینەمایی لەساڵی(2003)وفیلمەکەی تریشی کەبەناوی(کیلۆمەتری سفر) بوو خەلاّتێکی لەفێستیڤاڵی کانی سینەمایی بەدەستهێنا.

هونەر سەلیم بەشێوەیەکی گشتی لە فیلمەکانیدا باس لە ئازارو مەینەتیەکانی گەلی کورد دەکات ، لەم فیلمە نوێیە شیدا

کەبەناوی(تەپڵەکانە) و بەم دوابییە لەوێنەگرتنی تەواو بوو،بەهەمان شێوە باس لە کێشەو گرفتەکانی میللەتی کورد دەکات ،کە لەناوچەکانی کوردستاندا وێنەی گرتووەولەم ماوەیەی ڕابوردودا بەرەو فەرەنسا بەڕێ کەوت بۆ مۆنتاژکردنی فیلمەکەی.. لەبارەی ڕووداوەکانی فیلمە نوێکەی دەرهێنەر بەرۆژنامە نووسانی ڕاگەیاند" کەفیلمە نوێکەی خاوەن هیچ جۆرە سیناریۆیەك نییە وەك چۆن لەسەرجەمی فیلمەکانیدا بەوە ڕاهاتووە،کەبەبێ سیناریۆی فیلم دروست بکات، بەڵام هێڵێك هەیە کەسەرجەمی ڕووداوەکان لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوەو سیناریۆکەش بەڕووداوێك کۆتایی دێت کەواقع دەگێڕێتەوە،.

لە فیلمی (تەپڵەکان )دا ژمارەیەك لەئەکتەری چوار پارچەکەی کوردستان بەشداری تیادا دەکەن لەوانە کچە ئەکتەری بەتوانا(بەلجیم بەلکین) کەپاڵەوانی فیلمەکەی تری دەرهێنەریوە (کیلۆمەتری سفر) . لەبارەی ئامادەبوونی سەدامو سیستمەکەی لەڕووداوەکانی ئەم فیلمە نوێیەدا ، هونەر دەڵێت" لەساتی کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و بەر لەشەست ساڵ لەمەوبەر تائێستاش هیتلەر ئامادەبوونی هەیە لەکارە ئەدەبیو هونەریو ڕۆشنبیرییەکانی یەهودا، ئەی کەواتە بۆچی بەئێمە ڕەوا نەبینرێت کەباس لەسیستمێکی تۆتالیتاری بکەین کەوڵاتەکەمانی کردبویە بەندیخانەیەکی گەورە، ئێمە پێویستمان بەهەندێ کات هەیە تاوەکو زامەکانمان سارێژبێت و دواتر پەنا بەرین بۆ بابەتی جیاوازتر".

هونەر سەلیم لەدایکبووی ساڵی(1964)ی شاری ئاکرێیە، لەسەرەتای هەشتاکانو بەرلەهەڵگیرساندنی شەڕی ئێران–عێراق وڵاتی بەجێهێشتووەو لەسەرەتادا چۆتە وڵاتی ئیتاڵیاو پاشتر چووە فەرەنساو لەوێ و لەساڵی(199 6) یەکەمین ئەزموونی سینەمایی خۆی بەفیلمێکی کۆمیدی فەرەنسی بەناونیشانی(بژی کوردستان) دەست پێکردو یەکەمین خەڵاتی بەدەستهێناوەو پاشان بەرهەمە سینەمایەکانی تری بەرهەمهێنا، کە لەشەش فیلمی سینەمایی پێکهاتووە لەو فیلمانە(شێرۆ– ساڵی 1997)و (پشت خەونەکان ساڵی 1999)و (ڤۆدگا لیمۆن ساڵی 2003) (کیلۆمەتری سفر 2004) بەدەستهێنا.

هونەر سەلیم سەرەڕای تایبەتمەندی لەدەرهێنانی سینەمایی چەند کتێبێکی هەیە بەزمانە جیهانیەکان لەوانە چیرۆکی(تفەنگەکەی باوکم) کەبۆتە فیلمێکی سینەماییو هونەر خۆی دەریهێناوەو وەرگێڕدراوەتە سەر چەند زمانێکی جیهانی لەوانە(ئینگلیزیو ئیتاڵیو فەرەنسیو ئیسپانیو یابانی).

# فۆتۆ گرافەرێکی جیهانی
# (یان ئارسەس – بێتراند)
# پێشەنگایەکی لەسلێمانی دەکاتەوە

ئا: داستان نوری



یان ئارسەس – بێتراند کێیە ؟

یان ئارسەس – بێتراند لە 1946/3/13 لە دایك بووە ، یان هەر لە (17) ساڵی یەوە خەریکی کاری سینەمایی بووە سەرەتا وەك یاریدەدەری دەرهێنەرو پاشان دەرهێنەری چەندین فلیم دەبێت تا لە دواتردا ڕۆڵی چەند کارەکتەرێك بەرجەستە دەکات وەك ئەکتەر.دواتر لە ساڵی 1967 لە

فەڕەنسا نیشتە جێ دەبێت لەوێ دەبێتە بەرپرسی ناوچەیەکی سروشتی لە سی ساڵی تەمەنی دا لەگەڵ هاوسەرەکەی ((ئان)) ڕودەکاتە وڵاتی (کینیا) بۆ ناوچەی (ماسای مارا) ی سروشتی تالەوێ لە (ڕەوشتی شێرەکان) بکۆڵێتەوە ، هەستکردن بە ڕاستی گوتن لە ڕێگەی دیمەنەوە وەك لە نوسین وای لە یان کرد کە بێتە وێنەگر (فۆتۆ گرافەر) ێکی ڕاستگۆ پاشان گەڕایەوە بۆ فەڕنسا لەوێ دەبێتە ڕۆژنامەوانی وێنەگر( photo. Journalist) کە تایبەت بوو بە وێنەگری (سروشت و وەرزش) ە وە.ئیدی هەر لێرەوە خۆشەویستی بۆ وێنەگرتن زیاد دەبێت و کارەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەناسرێت . گرتەکانی یان بابڵێن فۆتۆ کانی لەنێو گۆڤارە بەناوبانگەکاندا بڵاو دەبێتەوە وەك گۆڤارە کانی (-National Geography, Life, Geo Paris match). لەساڵی 1991 بەدواوە چەندین پرۆژەی وێنەگرتن لە جیهان دا بە دەست دەهێنێت. تەنانەت ئێستا ژمارەیەك لە فۆتۆکانی بە شێوەی (فلێکسی ڕوناکی) لە شەوانەی هۆڵەندا کە ڕێبوارێك بەرەو سەنتەری شار بڕوات ئەو وێنانەی ئەو سەرنجی ڕادەکێشێت کە لەقەراغ شاردا هەڵواسروان.

**پرۆژەی زەوی لە سەرەوە یان پرۆژەی (2000)**

The Earth From Above Project 2000

پرۆژەی زەوی لە سەرەوە لە ساڵی 1994 وە دەستی پێ کرد ئەم پرۆژەیە یەکێك بوو لە خەونەکانی یان بۆ ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی گشتی لە بارەی بارودۆخی گۆی زەوییەوە دەستی پێ کرد هەروەك یان خۆی دەڵێت ((خەریك بوو دەگەیشتینە ساڵی 2000 و منیش دەمویست تاو توێ پرۆژەیەکی گەورەی درێژ خایەن بکەم هەر لەوکاتەوەی کە لە کینیا بووم سروشت ببووە یەکێك لە خەمە سەرەکییە کانم ، کەس باوەڕی نەبوو بە پرۆژەی زەوی لەسەرەوە (200)نامەمان نارد بۆئەوشەریکە و کۆمپانیانەی کە ئەگەری بەشداربونیان هەیە بەڵام زۆرینەیان هەر وەڵامیان نەدانەوە پاش هیلاکبوون و کۆششێکی زۆرتیمەکەمان توانی پشتگیری لۆجستیکی دارایی پێویست پێکەوە بنێت ئەمەش لە ژێر چاودێری ڕێکخراوی (UNESCO)دا. تیمەکەمان ئاگادار کرایەوە بۆ ئەوەی کار (فڕین) گەشت ئەنجام بدات بەسەر کۆمەڵێك وڵاتدا کە داوای کۆکردنەوەی زانیاریان لێکردن بۆ کتێبێك لەسەر هاوینە هەوارەکان کە لە ئاسمانەوە وێنە گیرابێت ئەمەش وەك وڵاتی (کوێت لەسەرەوە و مەغریب لە ئاسمانەوە ).لە لایەکی ترەوە سودمان لەو بەڵێن نامانە وەرگرت کە لەگەڵ گۆڤارە جیاجیاکان دا بەستمان بۆ داین کردنی وێنە کە لە ئاسمانەوە گیرابێت ، یەکێکی تر لەو یارمەتیە گرنگانەی تر لە کۆمپانیای ((FUJI FILM)وە بووکە لە شێوەی دەستە بەرکردنی فلیم و فلیم شتنەوەدا بوو بە خۆڕایی ، لە ئەنجامدا ئەم پرۆژەیە دروست بوو کە تیمەکەمان توانی نزیکەی 150 وولاٌت بگەڕێن وێنەی هەزاران شوێنمان گرت لە هەر وولاٌتێکدا وە توانیومانە (8000) فۆتۆی لێ هەڵبژێرین بۆ پرۆژەکەمان.وێنە گرتن لە ئاسمانەوە (Aeri al photo Gra phy) فۆتۆی پرۆژەی زەوی لەسەرەوە هەمووی لە بەرزاییەکەوە گیراون کە پێوانە لە نێوان (2000م بۆ20م) ە واتە نزیکترین فۆتۆ کە بە کۆپتەر گیرابێت دوورترین فۆتۆ کە بە فڕۆکە گیرابێت. مەرجێکی سەرەکی یە بۆ ئەم پرۆژەیە کە بتوانێت پشت بە فڕۆکەوانێکی باش ببەستێت کە شارەزاییەکی تەواوی ناوچەکە بێت چونکە فرۆکەوان ئەو کەسەیە کە دەتباتە سەر شوێنەکان و هەندێ جاریش دەتباتە سەر گۆشەیەکی دیمەنی چاوەڕوان نەکراو وە هەربەم پێیەش فڕۆکەوان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت وەك نێوەندێکی تۆو گرتەکانت .

**کەلوپەلی وێنە گرتن لە لای یان ئارسەس–بێتراند**

هەمیشە کوالێتی دیاری کراوی فۆتۆ قەرزاری هەڵبژێراوی تەکنیکی فۆتۆ گرافەوە وەك چۆنیەتی بەکار هێنانی ستاندی کامێراو فیلمی کامێرا و ڕوناکی دیارە هەموو وێنەگران ئەمە دەزانن بەڵام (یان ئارسەس) دەڵێت

هەموو جارێك ئەمە سەرەكی نییە ئاماتۆرەكان –هاویەكان هەمیشە خەمی ئەوە یانە بزانن كە ئەكادمیەكان یان شارەزایان چ كەلوپەلێك بەكاردێنن و چۆن كاردەكەن. بەگشتی ئەمە خەمی هەموو كامێرە مانێكە، بەڵام بە بۆچونی (یان ئارسەس ) هەموو كامێرەكان بەشێوە یەكی گشتی یەكسان و باشن، یان دەڵێت من كانوون CANON بەكاردەهێنم چونكە ئەم كامێرایە بە پلەی دووەم هاتووە لای من لە ماوەی بەكارهێنانی چەند ساڵی ڕبردودا یان هەر لە درێژەی گ فتوگۆكەیدا دەڵێت بۆ ئەم پرۆژەیەم كامێرای CANONEOS-IN بەكارهێناوە كە زومەكەی جۆری L واتە(LSERIES -LENSES)ی بە پێوانەی (14mm to 400mm)بە ئەفزەڵێتێكی بەر چاو بۆ پێوانەی ( 17/35mm 2.8,70/200mm 2.8 and 200mm 1.8) هەمیشە لەرینەوەی كۆپتەر ناچارت دەكات بە خێراییەكی بەرز كاربكەیت لە نێوان(1/250 and 1/1000) فۆتۆ كان پێویستیان بە ئۆپتیكاڵی ڕون و درەوشاوە هەیە بۆیە هەمیشە فلیمی (fugichromevelvia 50 asa) بەكاربهێنن ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕوناكی كەم دەگاتە فلیمە (DIAPHRAGM)ڕێگەی لێ دەگرێت بۆ جوانترین وێنە یان فۆتۆ ئەبەسپۆت میتەری(MINOLTA) ڕوناكی بە شێوەیەكی سیستماتیكی كۆنترۆڵی دەكات هەر فۆتۆ یەكیش لە فۆرماتێكی(24 x 36mm) دا بۆ چاپكردن لەسەر پەڕەی( Fuji Color-crystal Crystal Archive Typecppaper)ئەوەی ماوەتەوە لەم كۆتاییەدا بوترێت لە هەوڵێكی نوێ ی كۆمەڵەی منداڵپارێزی كوردستان –سەنتەری چالاكی گەنجان بە هاوكاری هونەرمەند (زریان باهیر) توانی 250 لە گرتەكانی ئەم پرۆژەیەی یان ئارسەس بێتراند لە ماوەی ڕابردودا و لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی نمایش بكات كە ئامانج لەم پێشەنگایەش ناساندنی جیهانبینی كارەكانی هونەرمەندی فۆتۆ گرافەری جیهانی (یان ئارسەس – بێتراند) ە بە كۆمەڵگای كوردیمان.

# لەخولی 78ی فێستیڤاڵی ئۆسكاردا
# بۆ یەكەم جار دەرهێنەرێكی ئاسیایی
# خەڵاتی باشترین دەرهێنەر وەردەگرێت

بەنازعومەرساڵح



لەسەر شانۆی(كۆداك) لەهۆلیوّدو لەویلایەتی كالیفۆرنیا، گەورەترین رووداوی سینەمایی لەجیهاندا كەساڵانە نزیكەی چڵو یەك ملیۆن كەسی ئەمریكیو چەند ژمارەی ئەورێژەیە لەدەوڵەتانی تر سەیری دەكەن.

لەو ئاهەنگەدا خەڵاتەكانی خولی 78ی ئۆسكار كە بەگەورەترین دیاردەی سینەمایی لە جیهان دادەنرێت دابەشكراو خەڵاتی شانازی ئۆسكاردرایەدەرهێنەر روبرت ئەلتمان و هەریەكە لەفیلمەكانی (كراش)و (چیای بروكباك)و (یادەوەرییەكانی گیشا)و (كینگ كۆنگ) سێ خەڵاتی ئۆسكاریان پێ بەخشرا.

دەرهێنەرێکی بەرەگەز تایوانی بەناوی(ئانگ لی) خەڵاتی باشترین دەرهێنەری لەفیلمی(چیای برۆکباك) بەدەستهێنا، بەمەش دەبێتە یەکەمین دەرهێنەرو کەسی کیشوەری ئاسیا کەئەم خەڵاتە بەدەست بهێنێت ، هەروەك چۆن ( جۆرج کلۆنی )خەڵاتی باشترین ئەکتەری هاوکاری لەبەرامبەر رۆڵ بینینی لەفیلمی(سیریان) بەدەستهێنا.

**باشترین فیلم:**

فیلمی کراشی دەرهێنەری کەنەدی(بول هاگیس) خەڵاتی باشترین فیلمی لەئاهەنگی(78)ی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار بەدەستهێنا، لەم فیلمەدا بۆل هاگیس باس لەگرفتەکانی رەگەزپەرستی دەکات و دەرهێنەری فیلمەکەش سەرکەوتنی بەوخەڵاتە بەشتێکی چاوەڕوان نەکراو وەسف کرد چونکە فیلمی(چیای برۆباك) کاندیکراوی ئەوخەڵاتە بوو.

**باشترین فیلمی بیانی:**

خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بیانی درایە فیلمی(تسوتسی) باشوری ئەفریقا .

ئەم فیلمە لەنووسین و دەرهێنانی(جافین هود)و نواندنی(برویسلی شوینیا جای) بوو کەرۆڵی تاوانبارێکی بێ بەزەیی بەرجەستە دەکات. هود لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا وتی" خوداوەند پشتیوانی ئەفریقا بێت. پێدەچێت فیلمەکانمان بەزمانێکی بیانی بێت بەڵام چیرۆکەکانمان وەك چیرۆکەکانتان باس لەدڵی مرۆڤ و هەست و سۆزەکانی دەکات".

فیلمەکەش لەرۆمانێکەوە وەرگیراوە کەلەپەنجاکاندا نوسراوەو باس لەکاریگەرییەکانی سیستمی جیاکاری رەگەزی دەکات لەسەر دەروونی رەشپێستەکانی باشوری ئەفریقا.

**باشترین فیلمی کارتۆن:**

(نیك بارك)ی بەریتانی بەناوبانگ ودیزاینەری وێنە جوڵاوەکان خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلم کارتۆنی بەدەستهێنا، کەباس لەدوو کەسی کارتۆنی دەکات بەناوەکانی(والاس و جرومیت) کەپێشتر سێ خەڵاتی ئۆسکاری لەکۆمەڵەی فیلمە کورتەکان لەساڵەکانی(1995،1993،1990) بەدەستهێنابوو.

**باشترین فیلمی کورت:**

فیلمی(سیکس شوتر) باشترین خەڵاتی ئۆسکاری بۆ فیلمی کورت بەدەستهێنا، لەکاتێکداو لەهەمان کۆمەڵەدا بۆ فیلمی کارتۆنی فیلمی(مانگ و کوڕ) خەڵاتەکەی بەدەستهێنا.

**باشترین دەرهێنەر:**

دەرهێنەری بەرەگەز تایوانی(ئانگ لی) خەڵاتی ئۆسکاری باشترین دەرهێنەری بەفیلمی(چیای برۆکباك) بەدەستهێنا.

بەمەش ئانگ لی(51 ساڵ) بووە یەکەمین کەسی کیشوەری ئاسیا کەئەم خەڵاتە بەدەست بهێنێت.

**باشترین ئەکتەری کوڕ:**

(فیلیپ هۆفمان)ی (38ساڵ) لەبەرامبەر بەرجەستەکردنی کەسێتی ئەمریکی(ترومان کابوت) لەفیلمی(کابوت) خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری کوڕی وەرگرت.

باشترین کوڕە ئەکتەری هاوکار:

ئەکتەری ئەمریکی(جۆرج کلۆنی) خەڵاتی باشترین ئەکتەری لەرۆڵی ناوەند لەفیلمی(سیریانا) بەدەستهێنا کەتێیدا(کلۆنی) رۆڵی کەسێتیەکی سیخوڕ بەرجەستە دەکات.

ئەمەش یەکەمین خەڵاتی ئۆسکار بوو کەکلۆنی(44 ساڵ) بەدەستی بهێنێت.

**باشترین ئەکتەری کچ:**

ریس ویزر سبۆن(29 ساڵ) لەبەرامبەر بەرجەستەکردنی کەسێتی گۆرانی بێژ(جۆن کارتر) لەفیلمی(بەرێکی بڕۆ) خەڵاتی ئۆسکاری باشترین کچە ئەکتەری بەدەستهێنا. کەیەکەمین خەڵاتی ئۆسکار بوو کە(ریس) وەری بگرێت.

**باشترین کچە ئەکتەری هاوکار:**

کچە ئەکتەری بەریتانی(ریتسل فایس) لەبەرامبەر رۆڵ بینینی ناوەندیانەی لەفیلمی(زەکونستانت گاردنر)

خەڵاتی ئۆسکاری باشترین کچە ئەکتەری ناوەندی وەرگرت.

لەم فیلمەدا(فایس) بەرجەستەی کەسێتی ئافرەتێك دەکات کەهەڵسوکەوتی تاوانبارانەی گروپێکی دروستکردنی دەرمان لەئەفریقا دەدۆزێتەوە.

**باشترین جل و بەرگ:**

خەڵاتی باشترین جل و بەرگ درایە فیلمی(یادەوەرییەکانی گیشا) کەبەهەمان شێوە خەڵاتی باشترین دیکۆری وەرگرت.

لەهەمان فیلمیشدا(دیون بیسی) خەڵاتی ئۆسکاری بۆ باشترین بەرێوەبەری وێنەگرتن وەرگرت.

**سەرکەوتووەکانی خەڵاتەکانی ئۆسکاری (2006) لەکۆمەڵە سەرەکیەکان:**

–باشترین فیلم: کراش.

–باشترین دەرهێنەر: ئانگ لی(چیای برۆکباك).

–باشترین کورە ئەکتەر: فیلیپ سیمۆر هۆفمان(کابۆتی).

–باشترین کچە ئەکتەر: ریس ویزسبۆن(ووك زەلاین).

–باشترین کورە ئەکتەری ناوەندی: جۆرج کلۆنی(سیریانا).

–باشترین کچە ئەکتەری ناوەندی: رایتشل فایس(زەکۆنسانت گاردنر).

–باشترین فیلمی بیانی: تسوتسی(باشوری ئەفریقا).

–باشترین فیلمی دیکۆمێنتی: (پێشرەوی ئیمپراتۆر).

–باشترین فیلم کارتۆن: (والاس و گرومیت).

–باشترین سیناریۆ: (کراش).

–باشترین سیناریۆی وەرگیراو: (چیای برۆکباك).

–باشترین ئیدارەی هونەری: یادەوەریەکانی گیشا.

